www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 2-7-2006 1:02

## من دەڵێم یاسا سەروەرە.... وەڵامێک بۆ ئاسۆ عەلی فەرەج و ماڵپەرەکەی ... بەختیار کەلاری

زۆرن ئەو کەسانەی کە پێنووس بە بی ویژدانی بەکار دەهێنن و لە تاریکی ناخی سووتاوی خۆیانەوە، بە ناوی ئازادی رادەربڕین و دیموکراسیەوە دەکەونە وێزەی بەها نیشتیمانیەکانی خۆیەوە. بی ئەوەی گوی لەوە بگرێت کە خودی خۆیشی بەشێکە لەو شتانەی کە رۆژانە روودەدەن..

تەجروبەی دیموکراسی و دامەزراندنی موئەسساتی قانوونی لە هەرێمی کوردستان تازە لە کاروانی پێشوەچوونە و دەبێت هەموومان هاوکاری حکومەت و حزب بین بۆ سەرخستنی و دواتر چەسپاندنی لە عێراقی فیدراڵ.. نەک بکەوێتە وێزەی هەموو شت رەشکەینەوە، ئەو کات هیچ جیاوازییەکمان نابێت لەوانەی کە هەوڵی سڕینەوەی هەموو دەسکەوتەکانمان دەدەدن. بەری رەنجی شەهیدان و دەیان داستانی قارەمانی بە نووکە پێنووسێکی هەرزەکارانە هاوتا بکەین...

لە ماڵپەری کوردستان بۆ هەواڵ www. kurdistan4news. com ڕاپۆرتێکم بە ناونیشانی (کی دەڵێ لە باشووری کوردستان یاسا سەروەر) خوێندەوە زۆر پی نیگەران بووم، کە هەڤاڵێکی ئازیزی خۆم بە ناوی ئاسۆ عەلی فەرەج ئامادەی کردبوو. هێرشێکی دوور لە کاری راگەیاندنی کردبوو سەر خۆی گوتەنی باشوری کوردستان و چەند نموونەیەکی سادەی کردبۆوە پێوەر..

کاتێک لە خۆیم پرسی بۆ بەم شێوەیە رەشبینانە دەنووسێت: گوتی بەڕێز لێمەگەڕی ئەوە نییە یاسا بە رۆژی نیوەڕۆ پێشێل دەکرێت و تاوانبارانیش دوای چەند رۆژێک دەستبەسەر کردن ئازاد دەکرێن!!!!

بەراستی نیگەرانتری کردوم گەنجێکی رۆشنبیری وەک کاک ئاسۆ وابیر بکاتەوە... ئێستا لەگەڵ رێزمدا بۆی جیاوازی نیە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە یاسا پێشێل دەکات و بەراستەوخۆیش پێم راگەیاندووە..

لێرەدا دەڵێم یاسا بە کردەوەی ڤیزەوەنی هەندێک کەس ناپێورێت کە ئەقڵێتێکی عەسکەری تەسک بیر دەکەنەوە و کلتوورێکی واچەسییویان لە جەستەیان خووڵقاوە نە بە من و نە تۆ و دەیانی دیکە چارەسەر ناکرێن، بەڵکو دەبێت هەمیشە هەوڵ بدەین لەگەڵ ئەو پرۆسەیە خۆمان بگونجێنین و ئەرکی ئێوەش ئەوەیە هاووڵاتیان هوشیار بکەنەو لە ئاست ئەو پرۆسەیە کە حکوومەت و حزب دەیەوێت لە رێگای یاساوە وڵاتێکی موئەسساتی وا دابمەزرێت مافەکانی تێدا یەکسان بێت و ناعەدالەتی کۆمەڵایەتیش هەر لەو بێوەدانگەوە چارەسەر دەکرێت، بەڵام پەنابردنە بەر هەڵچوونێکی هاوشێوەی جەنابتان هیچ چارەسەرییەک ناخاتە واری جێبەجێکردنەوە....

لێرەوە ئەرکی راگەیاندنمان بیردەخاتەوە چۆن دەتوانی ئاراستەی جەماوەر بگۆڕێت هەتا راگەیاندن لەو قۆناغە هەڵچووەنییەی خۆی دەرنەچێت ئەستەمە کۆمەڵگەکەمان هەنگاوێک بەرەو دیموکراسی و مافی مرۆڤ بڕوات.. بۆیە دەڵێم بەرێزتان و هاوشێوەکانتان کە ئەو کات یاسا سەروەرە ئەگەر ئێمە خۆمان لە ئاست یاساداملکەچ بکەین.